# ڕەنگدانەوەی ڕێبازی دادابیزم لە بەرهەمە شیعرییەکانی فەرهاد پیربالّدا

**کۆسرەت عەلی عەبدوڵا[1] - فەرهەنگ موزەفەر محمد[2]**

[1+2]بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڕێبازی دادایزم لە بەرهەمە شیعرییەکانی فەرهاد پیربالّ)دا. لە پێشەکی و دو بەش پێکدێت. بەشی یەکەمیان تیۆرییە، سێ تەوەر لەخۆدەگرێت: تەوەری یەکەم چەمک و زاراوەی ڕێبازو دادییزم. تەوەری دوەم سەرهەڵدانی دادییزم. تەوەری سێیەم و کۆتایی کە دوا تەوەری ئەم بەشەیە لە ژێر ناوی یاخیبون و دژەباوی. سەبارەت بە بەشی دوەمیش، کە بەشێکی پراکتیکییە، بریتییە لە پۆلێنکردنی بەشێک لە شیعرەکانی فەرهاد پیربالّ کە دەکەونە خانەی ڕێبازی دادییزم. دواتر ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو، سەرچاوەکانیش بەشێوەیەکی زانستییانە، ریز و پۆلێنکراون. لە کۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.

**کلیلە وشەکان:** ڕێبازی دادییزم، یاخیبون، فەرهاد پیربالّ، ئەدەب.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15
**Received:** 08-January-2022
**Accepted:** 07-July-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
farhang.muhamad@su.edu.krd
kosrat.abdullah@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ڕێبازەکانی ئەدەب یەکێکە لەلقە گرنگەکانی ئەدەب، بە جۆرێک لەسەرەتای پەیدابونی نوسین و ئەدەبی نوسراو ئەویش هاوشان هاتوە بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی ئەدەب، بۆ ئەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بتوانرێت بە هۆی خاسیەت و قۆناغەکەی لەیەکتر جیابکرێتەوە. بۆیە ڕێبازەکانی ئەدەب بەپێی قۆناغ و پێویستییەکانی سەردەم ئەویش هاوشانی گۆڕانکارییەکان هاتوە. ئاشکرایە ئەم گۆڕانکاریانە بونەتە هەوێنی لەدایکبونی چەندین ڕێبازی جیاواز. ئەگەرچی بەسەردەمی ئێستا دەگوترێت سەردەمی (نەمانی ڕێبازەکان) لەبەر گۆڕانکاری و لێکنزیکبونەوە و تێکەڵبونی زۆر لە بوارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێباز بۆ ئەدەبیات پێویستە بۆ پێوانەکردنی دەقی ئەدەبی بەپێی خاسیەت و سەردەمەکەی. ڕێبازی دادییزمیش بەهۆی جیاوازی لە بنەماو خاسیەتەکانی توانی ببێتە ڕێبازێکی ئەدەبی ئەوتۆ کە شوێن پێگەیەکی گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوەی ڕێبازەکانی ئەدەب.

ناونیشانی لێکۆڵینەوە: وەکو لە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەدا هاتوە، (ڕەنگدانەوەی ڕێبازی دادییزم لە بەرهەمە شیعریەکانی فەرهاد پیربال)، پیربال بە هۆی ئەزمونی شار و شاخ و تێکەڵبون بەئەدەبیاتی تاراوگە، گەلێک ڕێبازی ئەدەبی لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

سنوری لێکۆڵینەوە: لە سنوری لێکۆڵینەوەکە هەوڵدراوە ئەو بەرهەمە شیعریانەی فەرهاد پیربال بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە کە دەکەونە خانەی ڕێبازی دادییزمەوە، واتە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێبازی دادییزم لێکۆڵدراوەتەوە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: فەرهاد پیربال لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا ناوێکی دیارو بەرچاوە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز مەبەستەکانی دەربڕیوە. ساغکردنەوەی دەقەکانی بەپێی هەریەکێک لە ڕێبازێکی ئەدەبی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ورد هەیە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: ڕێبازی دادییزم وەکو یەکێک لە ڕێبازە نوێیەکان و پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەم ڕێبازە لەلایەن شاعیرێکی کوردەوە، نیشانەی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی کوردی دەگەیێنێت.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە خۆی لە ڕێبازی وەسفی و شیکاری دەبینێتەوە.

## ١-ڕێباز و دادایيزم وەک چەمک و زاراوە

لە دوای گۆڕانکارییە خێراکان و بونی کاولکاری جەنگ و ماڵوێرانی و بێهودەیی مرۆڤ، سەرئەنجام ئەدەبیاتیش وەکو بەشێکی گرنگی ڕەنگدانەوەی ژیان بەردەوام لە تازەکردنەوەی بەردەوام و بێوچاندا بو، بۆیە دەبینین چەندان ڕێچکە و ڕێبازی جیاجیا دەرکەوتن، کە ئامانج لێی گوزارشت لەدۆخی نالەبارو نیشاندانی مەرگەسات و نەهامەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، یەکێک لەم ڕێبازە دەرکەوتوانە، ڕێبازی دادییزم بو. (دادا) یا (دادایيزم) زادەی ئەو نائومێدی و پەشێوی و پەرێشانی و ئاژاوەیە بو کە لەئەنجامی وێرانکاری و مرۆڤکوژی و بێدادی یەکەم جەنگی جیهانییەوە سەریهەڵداو دروستبو. دادییزم زمانحاڵی کەسانێکە کە ئومێدیان بەجێگری و بەردەوامی هیچ کارێک نییەو هیچ شتێک لە ژیاندا بەپایەدارو جێگر ناژمێرن، مەبەستی پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە جۆرە یاخیبونێکە دژی هونەر و ئەخلاقی کۆمەڵ(حسێنی،٢٠٠٦: ٢٠٥). سەرەتای دەرکەوتنی ئەم


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

ڕێبازە (بۆ یەکەمجار لە پایزی ساڵی(١٩١٦) لە گۆشەی یانەیەکی شەوانە لە شاری (زیورخ)ی سویسرادا لە لایەن لاویکەوە بە ناوی (تریستیان تزارا)[i] و چەند هاوڕێیەکییەوە کە بریتیبون لە(هانس هارپ) و دو کەسی ئەڵمانی هاتە دامەزراندن. سەبارەت بە ناونانی ئەم ڕێبازە (دادا–**Dada**، بەزمانی منداڵان لە زمانی فەرەنسیدا واتە (وڵاغ)، یان (ئەسپ). سەبارەت بە ناونانی (دادا) جیا لەوەی گوایە برادەرە دادییستەکان لەسەر یەکەمین لاپەڕەکانی فەرهەنگی (لاروس)دا بەهەڵکەوت توشی وشەی (دادا) هاتون، دەشڵێن گوایە کورتکراوەی ناوی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازە (تاتا) بوە، هەر بۆیە ناوی (دادا)یان لەو ڕێبازە ناوە، ئەم بۆچونەش پێناچێت ڕاست بێت، لەلایەکی دیکەوە (ژان ئارپ) یەکێک لە نیگارکێشە دادیستەکان دەڵێ: (من گەواهی ئەوە دەدەم کە (تریستیان تزارا) بۆخۆی لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە (١٩١٦/٢/٨) وشەی دادای دۆزییەوە و وەکو ناوێک بۆ ئەو ڕێبازەی کە دایهێنا و ئەو ناوەی لێنا (پیربال،٢٠٠٤: ٣١٤).

جیا لەو بۆچونانەی سەرەوە سەبارەت بە وشەی (دادا) بۆچون و ڕای جیاوازتر هەن، بەجۆرێک هەندێک بۆچونیان وایە کە ( (تزارا) بۆ ئەوەی ناوێک لەم قوتابخانەیە بنێ هەستا فەرهەنگی لاروسی هێنا و چەقۆیەکی لە گیرفانی دەرهێناو ئەڵلاخوایی پارچەیەکی لە نێو لاپەڕەکاندا بری، ئەو پیتانەی کە بەسەر پارچە کاغەزەکەوە مابون و لێکیدان وشەی (دادا)یان لێپێکهات(حسێنی،٢٠٠٦ :٢٠٩). گریمانەکانی وشەی دادا هەرچییەک بوبن، گرنگ ئەوەیە زاراوەی ڕێبازەکە بێ هیچ بەرنامەیەکی پێشوەختە داتاشراوە و بۆتە ناوی ئەم ڕێبازە. دوای ئەمە ئەم ڕێبازە چەندین بڵاوکراویان دەرکرد[ii]

## ١-٢ سەرهەڵدانی داداییزم:

بێگومان سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوە و ڕێبازێک هۆکارگەلێکی لەدواوە هەن کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدان و دروستبونی، داداییزمیش، ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەی کە تریستیان تزارا ڕایگەیاند، چەند هۆکارێک هەبون کە بەشێوەیەکی گشتی بونە زادەی لەدایکبونی، لەوانە:

١–ناکۆکی وجیاوازی لە بیروڕاو ئاڕاستەی بیرکردنەوە، بەجۆرێک ئەم کۆمەڵە هەمو پێوەرێکی ئایدۆلۆژی و ئیستاتیکی سەردەمەکەی خۆیان ڕەفزکردەوە، ناکۆکن بون لەگەڵ ڕەوتەکانی ئەو سەردەمە.

٢– شەڕ و نەهامەتیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨–١٩١٤)، دامەزرێنەرانی دادا دەیانویست بێهودەیی و بێ واتایی و ناماقوڵیەتی سەردەمی پڕ جەنگەکان دەرببڕن، بەجۆرێک ئەم ڕێبازە (لە ئاکامی نائومێدی و ئاڵۆزی و بەڕەڵایەکان و کارە خراپەکان و ئینسانکوژی و بێدادی شەڕی یەکەمی جیهانەوە (١٩١٤–١٩١٨)سەری هەڵداوە) (پیربال،٢٠٠٤: ٣١٥،٣١٧)، کە ئەم ڕێبازە پەیامێکی ناڕازیبون بو دژی خوێنڕێژییەکانی سەردەم.

٣– جگە لەم خاڵانەی سەرەوە هۆکارگەلێک هەبون کە وەکو پێشینە ڕۆڵیان هەبو لە دروستبونی ئەم ڕێبازە بەجۆرێک (پازدە ساڵێک پێش سەرهەڵدانی دادییزم، واتە لە ساڵی (١٩٠٠) دەرونناسی نەمسایی (سیگمۆن فرۆید) کتێبە ناودارەکەی خۆی بە ناونیشانی (لێکدانەوەی خەون) بڵاوکردەوە، کەم تا زۆر کاریگەری لە هەست و بیری ئەو نەوەیەی جەنگ (١٩١٨–١٩١٤) کردبو. چونکە خەون کرایە ئامرازێک بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەو ڕێگەیەوە گوزارشت لە ژیانە واقیعیە نالەبارەکەی خۆیەوە بکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

٤-لە لایەکی ترەوە بەرهەم و بیری زۆربەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکان، لەوانە بەرهەمەکانی (چارلس داروین، کارل مارکس، ئەنشتاین، ترۆتسکی، فریدریک نیتشە...) هەمویان هانی هونەرمەندانی هاوچەرخیان دەدا بۆ ئەوەی گۆڕان بەرپابکەن)(پیربال،٢٠٠٤: ٣٢٠)، ئەم هۆکارانە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریان هەبو بۆ لەدایکبونی ئەم ڕێبازە تازە ئەدەبییە لەم سەردەمەدا.

### ٣-١ یاخیبون و دژەباوی:

نوسەرانی داداییزم شێوازی تایبەت بەخۆیان هەبوە بۆ دەربڕین، زۆرجار ئەم شێوازە دەربڕینە بە جۆرێک لێکدەدرێتەوە کە ئایا دەچێتە قالبی یاخیبون یاخود دژەباوی. پێوانەو پێودانگی دژەباوی تاڕادەیەک ئەستەم و ئالۆزە، لەبەرئەوەی هەندێک لەو نوسەرانەی کە لەبارەی دژەباویەوە دواون هەندێکیان پێوانەی زۆر ئالۆزیان بۆ دژەباوبون بەکارهێناوە، کە بەئاسانی ناتوانرێت بە هەمو کەسێک بگوترێت (دژەباو). دژەباو هەمو ئەو قسەو هەڵسوکەوت و کردەوەو دابونەریت و یاسا و ڕێساگەلێک کە لە هەر کۆمەڵگایەک هەبن خەڵکەکە پەیڕەوی لێبکەن، ئەوانە شتە باوەکانن، هەر کەسێکیش دژی ئەوانە بێت، پەیڕەویان نەکات، ئەوا پێیدەوترێت (دژەباو) (عەبدول،٢٠١٢: ١١) یاخود دەگوترێ: (دژەباوی واتە ڕەتکردنەوەی هەمو ئەو فۆرمە کۆمەڵایەتی و هزریی و ئایینی و ئایدۆلۆژیانەی ڕەنگرێژی سەردەمێک دەکەن و بونەتە نەریتێکی باو لە کۆمەڵگەدا، بەواتایەکی تر دژەباو کەسێکە لەگەڵ پەیامەکەی بەردەوام لە ئاستەنگ و بەریەکەوتنی دەوروبەرەکەیدایە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. ئەگەر دژەباوی لە نێو واقیعی باودا، وەک خۆی مایەوە و هیچ پرسیارو تێڕوانینێکی جیاوازی دروستنەکرد، مانای وایە جیاواز نییە. دژەباوی لە نێو واقیعێکی باو و داسەپاودا نەک هەر ڕەتدەکرێتەوە بەڵکو بەتوندی دەکەوێتە بەریەککەوتنی هزری و فەرهەنگیش(ڕواندزی،٢٠٢١: ٤)، بەپێی ئەم بۆچونە بێت ئەگەر پەیامەکە بەبێ کێشەو بەپەرچدانەوە ڕێیکرد، ئەوا گومان لە دژەباویەکەی دەکرێت. ئەم پێناسەیان پێوانەیەکی زۆر ئەستەمی بۆ دژەباوی داناوە، کە ئەگەر بێتو چاوێک بەمێژوی ئەدەبیمان بگێڕینەوە ئەوا زۆر لەو شاعیرانەی کە بە دژەباو ناسێنراون، دەکەونە دەرەوەی ئەم بازنەیە. بۆیە (دژەباوەکان وەک تەنێکی نامۆ، کە باوەکان بە هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر ژیان و دنیابینی خۆیان دەیانبینن، دژایەتی دەکرێن، ڕەتدەکرێنەوە، فڕێدەدرێنە دەرەوەی بازنەی ژیان و بونە گشتیەکە. هەر کاتێک دژەباوێک سەری هەڵدا زۆر بەتوندی بە گژیدادێنەوە، تا هەڕەشەی نەمانیش. بۆ نمونە: کاتێ (عەبدولخالق مەعروف) کتێبێک دەنوسێت لەبارەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریەوە، چونکە بۆچونەکان دژەباوبون، لەگەڵ باوەکانی کۆمەڵگە یەکینەدەگرتەوە سەرئەنجام ماوەیەک دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی شەهیدکرا، واتە ئەگەر شاعیرێک یان نوسەرێک ئەو پەیامەی هەڵبژارد، لە ئاستەنگ و بەگژداچونەوە تا ئەوپەڕی هەڕەشە و کوشتن ئەنجامەکەی بێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو دژەباویە لە ڕوانگەی نەتەوەیی یان ئایینیەوە بێت بەتایبەت لە نێو ئێمەی ڕۆژهەڵاتی. بۆیە دژەباوی لەڕوی شێوەو ڕوکارەوە (جیاوازی کەوتنەوەی سیماو ڕواڵەت و نمایشی جەستەیی نییە، بەڵکو بڕوابون بە پرەنسیپی هزریە، دژەباوی تەنیا دروشم نییە، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی بیرکردنەوەو ڕوانینە. شاعیری دژەباو هەرگیز نابێتە بەشێک لە عەقڵی گشتی و میللی کۆمەڵگە (ڕواندزی،٢٠٢١: ٩٨). جگە لە زاراوەی دژەباو، زاراوەی (تابۆ- **Taboo**)شمان هەیە کە لە بنەڕەتدا وشەیەکە تایبەت بەخەڵکانی (پۆلینزی - **Polynesia**)، بەڵام دواتر وەک چەمک بەرامبەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

بابەتە قەدەغەكانی ناو كۆمەڵگە مرۆییەكان دانرا (كەسنەزانی،٢٠١٩: ١٤٩)، بەڵام زاراوەی (باو) و (دژەباو) زیاتر خزاوەتە نێو زانستە مرۆییەكان.

سەبارەت بە یاخیبون یەكێكە لە سیما گرنگەكانی ئەدەب بەگشتی و ڕێبازە تازەكان بەتایبەتی. ڕەتكردنەوە و بەگژداچونەوەی واقیع و قبوڵنەكردنی خۆی یاخیبونێك بو، سەرئەنجام لە دایكبونی ڕێبازەكانی ئەدەبی بەپێی قۆناغ بەدواداهات. (یاخیبون وەكو زاراوەیەكی زانستی فۆرمی جیاوازی بۆ داڕێژراوە، لەڕوی زمانەوانیەوە وشەكە بەرامبەر (**Insurgency**)یە، لەزمانی ئینگلیزیدا، كە بنەماكەی لە فۆرمی لاتینی (**Insurrectio**)وە، وەرگیراوە، ئەویش واتای (ڕازینەبون بە بارودۆخێكی سەپاو، یان باو)، هەر لەم ڕووەوە لە زمانی عەرەبیدا، وشەی (التمرد) و لە فارسیشدا وشەكانی (یاغیبون، یاغیگیری) بۆ زاراوەكە بەكارهاتون (میرە،٢٠١٩: ٥). واتای یاخیبون لە زۆربەی زمانە جیاوازەكان زاراوەكە هەمان مەبەستی هەیە كە ئەویش ناڕازیبونە، جگەلە ڕوی زمانەوانیەوە، ئەگەر لەڕوی ئایینیەوە سەیری بكەین دەبینین (زاراوەی یاخیبون لەسەرچاوە ئیسلامیەكاندا بەرامبەر وشەی (الردة) هاتوە، كە هەڵگەڕانەوەیە لەشتێك بۆ شتێكی تر " يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَىٰ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ" بەوەش ئەم زاراوەیە لە شەریعەتدا هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلامەوە بۆ كوفر)، واتە لە شەریعەتی ئیسلامدا بەمانای هەڵگەڕانەوە دێت. (لەڕوی سیاسیشەوە زاراوەكە لێكدانەوەیەكی دیكەی بۆ كراوە، كە ئەویش هەڵهاتنە لە بڕیارەكانی دەسەڵات، بەتایبەتی لە ئەدەبی سیاسیدا، یاخیبون ڕەتكردنەوەو بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتە)، بە هەمو ئەو مانا و لێكدانەوانەی سەرەوە لەڕوی زاراوەیەوە، خاڵی نزیك لە یەكتر ئەوەیە كە (كە یاخیبون بریتییە لە نامۆبون لە سروشت و كۆمەڵگا، كەسی یاخی خۆی لە ژینگەی كۆمەڵایەتی خۆی دادەبڕێ و دەیەوێت خۆی كەسێكی سەربەخۆ و تەنهاو خاوەن كەسایەتی خۆی بێت، بە جۆرێك مرۆڤی یاخی، هەم خۆی و هەم ئەم كۆمەڵگایەی كە تیایدا دەژی بەنامۆ دەبینێت) (میرە،٢٠١٩: ٧-٨). ئەم سیفاتی یاخیبونەش یەكێك بوە لە خاسیەتێكی هەرە دیارو ناسراوی دادییەكان، چونكە یاخیبون وەكو تەقاندنەوەی هەرچی هەستی نوسەر بە جیهانی دەرەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە گوزارشتیان لێبكات.

## ٢/بنەماو تەكنیكی دادابیزمەكان:

ئەگەر سەیری هەریەك لە ڕێبازەكانی ئەدەب بكەین دەبینین، كە هەریەكەیان خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی بەخۆیەتی. بەم پێیەش ڕێبازی دادابیزم خاوەن كۆمەڵێك بنەمایە كە تاڕادەیەك زۆرێك لە خاسیەتەكانی هاوشێوەی ڕێبازی سوریالیزم و فوتوریزمە، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دادابیزم ڕێبازێك بو كە تەمەنی زۆر كورتبو نەیتوانی بەردەوامی بەتەمەنی خۆی بدات هەر بۆیە لە باوەشی دادا، سوریالیزم لەدایكبو. (ناكرێ ئەوە لەیادبكەین كە سوریالیزمەكان و دادییزمەكان زۆر كەوتوبونە ژێر كاریگەری فوتۆریستەكان و زۆر سودیان لە شێوازەكانی نوسینی ئەوان وەرگرتوە) (عومەر،٢٠١٢ :٢٠١). ئەوەی گرنگە (لە نێو ئەدەبیاتی كوردیدا (عەباس عەبدوڵا یوسف) بەیەكەم شاعیری كوردی دەژمێردرێ كە توانیویەتی بنەما و تەكنیكەكانی ڕێبازی دادییزمی لە كۆمەڵەی شیعرێك بە ناونیشانی (ئاو) بەتایبەتی ئەو شیعرەی بەناونیشانی (كولاج) ڕەنگبداتەوە لە ساڵی(١٩٧٤)، دوای ئەوەش لە دوای ڕاپەڕین بە گۆڤارەكانی (وێران، شین) كە (فەرهاد




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15**

پیربالّ) خۆی دەستێکی باڵای هەبو لە گەشەکردنی ئەو ڕێبازە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا)(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٢: ١٢٩).

## دیارترین ئەوینەماو خاسیەتانەی کە لە ڕێبازی دادییزمدا هەبون و ڕەنگدانەوەیان هەبو لە بەرهەمە شیعرییەکانی فەرهاد پیربالّ بریتین لەمانە:

٢-١شیعری هاوبەش: ئەم جۆرە شیعرە لەلایەن چەند شاعیرێکەوە بێ ئەوەی پێشوتر خۆیان ئامادەکردبێت بە شێوەیەکی چرکەساتی و ڕەمەکی(عشوائی) دەخوێنرێتەوە. هەر شاعیرێک لەخۆوە چی بە خەیاڵ و بیری داهات دەریدەبڕێت بێ ئەوەی پەیوەندی بە شاعیرەکانی ترەوە هەبێت، نمونەی ئەمجۆرە شیعرە فەرهاد پیربال لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکەدا لەوانە:




ئەنوەرر مەسیفی، عەباس عەبدوڵا یوسف، هاشم سەراج، ئیسماعیل بەرزنجی) لەشاری هەولێردا لە کۆبونەوەیەکی پڕ لە خەڵکی ئامادەبو ئەم تەکنیکەیان پەیڕەوکردوە، کە دەڵێن:

فەرهاد پیربالّ:

شیعر..شیعر...شیعر...شیعر
خۆی ...شیعر...کەم دەکاتەوە
بیپلیشێنەوە عەباس عەبدوڵا یوسف
وەک چۆن چەندین ساڵە دەیپلیشێتەوە
گوڵی شیعربپلیشێتەوە
مادام شەرەفت لە ژێر پێی ئێوەدا دەپلیشێتەوە.

عەباس عەبدوڵا یوسف:

شیعر..شیعر..شیعریش..شیعر..شیعر..شیعر
شیعریش
شیعریش **ok**
لە دارستانێکدا حوتێکم بینی
هەمو دار سنۆبەرەکانی ڕەنگ کارتی شیعرە
فەرهاد پیربالّ ئەوە کارتی شیعرە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

کارتی شیعریش
قەل فڕی
ئەنوەر مەسیفی:
ئەوە مرۆڤە چیمەنتۆیانە لەسەر گیا چ دەکەن؟
ئەو کۆشکە کاغەزانە بۆ لەناوی ئاو تەڕ دەبن؟
ئێمە بەشێکین لە ئێمە
ئێمە بەشێکین لە بای ناو دەرەوەی داهاتوو
ئێمە هیچمان چاومان سەد لە سەد تەواو نییە
هەمووومان لەبەر کەپوومان گوێمان گرانبوە..
هاشم سەراج:
تەرمک زۆر جوانن تەرموتە
ڕمۆڵەکان زۆر جوانن
بە بۆنەی خاسە ڕەنگ ئاڵەوە جوانتر دەبن
زۆر جوانن ئەو تەرمکانەی ئێمە هەڵیان دەدەین
تەرمک تەرمک تەرمک جوانن..
ئیسماعیل بەرزنجی:
هاوینی ڕابردو ١٦٢ مرۆڤ لەسەربانی شوقەکە..
دەخەوتین
مەنگولەکەشمان لەگەڵ بو
مەنگولەکە
دۆستێکی گیانی بە گیانیمە
بەسەر سینگ و پشتی ژن و کچەکەمان پازی دەداوە
دەیگۆ(بەع بەع بەع بەع)
فەرهاد پیرباڵ:
بەهەر حاڵ لە ئاکامدا شیعری نوێ نییە
بەڵکو شاعیری نوێ هەیە.

لەم شێوە شیعرەیەدا، شاعیر بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات وشەو دەربڕینەکانی چۆنن لە گەڵ ڕەوتی شاعیرانی تر ڕۆیشتوەو مەبەستەکانی دەربڕیوە. لە کۆتایی بەشێک لە ئامادەبوان کەوتنە ڕەخنەو گاڵتە بە کۆڕەکە و کەمێکیش پەسندیان کرد. ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرباری ئەوەی شیعرەکان پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، بەڵکو زۆربەی شیعرەکان لەنێو خودی خۆیان کۆمەڵێک دەستەواژەی ئاڵۆز و دور لەیەکتریان دەربڕیوە. (گۆڤاریی شین،٢٠٠٤: ٤٩-٥١)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

٢-٢ شیعری دەنگی: ئەمجۆرە تەکنیکە، شێوازی نوسینەکەی لەگەڵ ئاوازی لەرەلەری بەرزونزمی




خوێندنەوەکەی نوسراوە، شاعیر لە خوێندنەوەی دەنگی بەرز، دەنگ و وشەکانی بەپیتی گەورە نوسیوە، بە پێچەوانەش بۆ دەنگی نزم بەهەمان شێوە، دەنگ و وشەکانی بە پیتی گەورە نوسیوە، بە پێچەوانەش بۆ دەنگی نزم بەهەمان شێوە، ئەم جۆرە تەکنیکە (لای شاعیری فوتۆریست(مارینێتی) یش هەبوە، مارینێتی داوای لە شاعیران و نوسەران دەکرد واز لە لۆژیک بهێنن، ڕاستەوخۆ بەرەو جەوهەری شتەکان بڕۆن. مارینێتی (شۆرشی تیپۆگرافی، لیرکای هێڵ، ڕەنگ، مانای زۆر)ی بەکاردەهێنا وەک شێوازێک لە ڕێگای کۆمەڵێک پیتی جۆراو جۆر بۆ دروستکردنی ڕستەیەک، چونکە بەڕای فوتوریزمەکان شیعر دەبێ بۆ بینین و بیستن و هەست پێکردن بێ) (عومەر،٢٠١٢: ٢٠٠)، ئەم تەکنیکە لای دادییزمەکانیش دووبارەکراوەتەوە. نمونە ئەم تەکنیکە بە ناونیشانی(بانگەوازێک) کە لە دیوانە شیعریەکەیدا (پەناهەندەی ژمارە٣٣٣٣٣) بەرچاو دەکەوێت. جگە لە تەکنیکی نوسینەکە ئەوەی لەم شیعرەدا بەرچاو دەکەوێت شاعیر مەبەستیەتی گوزارشت لە دۆخی نەخوازراوی شەری براکوژی بکات کە لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین ڕویدا، دەرئەنجامی ئەم شەڕە (هەژاری و ئۆتۆمبێل دزین، کێشە ...)چەندان دەستەواژەی تر کە پەیوەندیان بە شەڕی براکوژی و هەژاریەوە هەیە.

٣-٢ شیعری وێنەیی (**Calligram**): دەستەواژەی تریش بۆ ئەمجۆرە تەکنیکە بەکارهاتوە وەکو (شیعرە نیگار، شیعری بینراو، هەمو ئەمانە، لە هەر زمانێکدا بە شێوەیەک، چەند زاراوەیەکن بۆ ناساندنی ئەو شیعرەی کە لەشێوەی نیگار خۆی دەنوێنێت. ئەگەر سەیری شیعری هاوچەرخ بکەین، دەبینین یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە شاعیران هەوڵیانداوە بەشێوەی جیاجیا شێوەو هەیکەلی شیعرەکانیان دابڕێژن، بەجۆرێک بێ ڕەچاوکردنی کێش و سەرواو هەیکەلی شیعری وشەکانیان. هیزۆدی ڕەخنەگری یۆنانی، لەسەردەمی پێش لە دایکبونی مەسیحەوە گوتەیەتی: وێنە شیعرێکی بێدەنگە و شیعریش وێنەیەکی قسەکەرە) (گەنەبۆیی، ٢٠٠٤: ٧٤-٧٥) ئەم شێوەو جۆرە تەکنیکە لە شیعری ڕێبازەکانی فوتوریزمەکان و دادییەکانیش پەیرەویانکراوە کە لەڕوی ناونیشانەوە بەم جۆرە شیعرانە دەگوترێ (شیعری ئاوێتە، کە لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی هەندێک ڕەگەزی ئیستاتیکی و دو ژانەری ئەدەبی یان ژانەرێکی ئەدەبی و هونەری دیکە پێکدێت، کردارەکە ئاوێتەکردنێکی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

میکانیکی نییە، بەڵکو لە فۆرم و داڕشتنێکی نوێدایە)(ڕەشید،٢٠٠١ :٣٤). بەشێوەیەک شاعیر گرنگی بە شێوەی (شکلی) شیعرەکە دەدات، کە مەبەستی شاعیر لەوەدایە مەبەست و وشەکانی لە نوسینێکی شێوەییدا دەرببڕێت بەتایبەت لای شاعیری فەڕەنسی (گیوم ئەپۆلینێر) داهێنەری ئەمجۆرە تەکنیکەیە، شیعری شێوە (بورجی ئیڤل، کاتژمێر، هەیکەلی مرۆڤ، گوڵدان، ئەسپ.....)











لەبارەی ئەمجۆرە تەکنیکە لەژماری(١)ی (گۆڤاری شین)دا فەرهاد پیربال دەڵێت: (من یەکەمین نوسەری کورد نیم کە گۆڕانکاریمان لە شێوەو وێنەکانی نوسیندا دروست کردبێت. من وای تێدەگەم (گۆران)و هاوڕێکانی لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٥٠ بەیەکەمین ئەو نوسەرانە دەژمێردرێن کە تۆپۆگرافیای تێکستی کوردیان تێکوپێکدا و وێنەیەکی جیاوازیان بەخشیە تێکست. ئەوان هاتن دابەشکردنی قەوارە ڕەشەکانیان(وشەکانیان) بەسەر ڕوبەری کاغەزی سپیدا گۆڕی، لەسەر دەستی ئەواندا بومەلەرزەیەک بەسەر قەوارە ڕەشەکانی (حەرفەکانی) سەر سپیایەکانی کاغەزدا هات (پیربال، ٢٠٠٤: ٨١). ئەم قسانەی پیربال لە ئەنجامی ئەو توانج و ڕەخنانەوە هات کە لەبارەی ئەو ڕەنگ و هێڵکاری و پێکهاتە شێوەکاریانەی کە هێناویەتە ناو دەقی شیعری لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

چەند جۆرێکی ئەم تەکنیکە لە شیعرەکانی فەرهاد پیربالدا بەدیدەکرێت، لەوانە:

٢-٣-١شیعری شێوە درەختی (شعر الشكل التشجيري): ئەم شێوە و تەکنیکە نوسینە لە شیعری شاعیرانی دادییزم بەرچاودەکەوێت (بەهۆی نزیکی و پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاری (یان ئەدەب و هونەرەکانی شێوەکاری) دیاردەیەکی تازە نییە، بۆیە دەبینین نوسەرەکانیش (شاعیران و ڕۆماننوسەکان) بە ئاشکرا سەرسامی خۆیان بە کارە شێوەکاریەکان دەربڕیوە) (عومەر،٢٠١٢ :٢٦)، ئەم جۆرە تەکنیکە شیعریە لەگەڵ ئەوە یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ: (شیعری تازە دەبێ وەک تابلۆیەک بێ، چونکە دەشێ تێکست تەنیا بینین بێت، ئەمەش خۆی لەگەڵ ئەو بیرە تیۆرە سەرەتاییە تێک دەکاتەوە کە دەڵێ هەمو تێکستێک تابلۆیەکە) (عومەر،٢٠١٢ :٢٠٠)، لە شیعری هاوچەرخی کوردیش دا ئەمجۆرە تەکنیکە لە شیعرەکانی فەرهاد


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15




پیربال دەبینرێ بەتایبەت لە شیعری(أ) و (خلود) کە یەکێکە لە شیعرە زۆر خۆشەویستەکانی شاعیر، کە لە دیوانە شیعریەکەیدا هاتوە. ڕەنگە دوبارەبونەوەی وشەی (خلود) کە نەمریە، مەبەستی شاعیر ئەوەبێت ژیانێکی زیندو و نەمر وەکو ئەم دارە پێویستی بە




أ

لـە
پاریس
جارجار
دەچـم
لەسـەر
بـلـندترین
دونــدی
بورجەکـەی
ئـیـڤـێـل
رادەوەسـتم!
هەموو شوێنێکم لێوە دیارە:
تـەنـیـا هـەولـێـر نـەبێ!

هەوڵدان و لە دەست نەدانی ئومێدە بۆ بەردەوامبون بە دەست هێنانی چلەپۆپەی خۆزگەکان. هەروەها لە شیعری (أ)دا، لەم دەقە شیعریە جگەلەوەی شاعیر وشەکانی لەسەر شێوەی بۆرجی ئیڤل هەڵچنیوە، لە ئەنجامی دورە وڵاتی و سۆزی بۆ شارەکەی زۆر تاسەی شارەکەی خۆی دەکات کە هەولێرە، لە پاریسی فەرەنساوە، جگە لە هەیکەلی شیعرەکە، تەکنیکێکی تازەیە، ڕەنگە مەبەستی شاعیر لەوەدا بێت کە هەمو پایتەختی دونیا خاوەن ئاڵاو و پێگەی دانپێنراوی خۆیان تەنیا شارەکەی من(هەولێر) نەبێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

٢-٣-٢ شیعری ڕووپەر بۆشایی(فراغ): ئەمجۆرە تەکنیکە شاعیرانی دادییزم تەنانەت سوریالیزمیەکانیش لە شیعرەکانیان پەیرەویان کردوە، کە تیایدا شاعیر ناونیشانی شیعرەکەی نوسیوە، بەڵام ڕوپەری بەهێڵراوی بە جێهێشتوە، کەزیاتر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی شاعیر کە ئایا ئەم ناونیشانە هیچ نوسینێک هەڵناگرێت، یاخود زۆر شت هەڵدەگرێت کە شاعیر بۆ خوێنەری بە جێدەهێڵێت تاوەکو خۆی لێکدانەوەیان بۆ بکات، یاخود ڕەنگە شاعیر پێیوابێت مەرج نییە هەمو کات بە نوسین پەیامی شاعیر بگات، بەڵکو هەندێکجار پەیامێکی لەم



شیعرێکی زۆر درێژ بۆ دایکم

غەریبیت دەکەم...

شێوەیە جۆرێکە لە دەربڕینی هێمن و ناڕاستەوخۆ. بۆ ئەم شێوە نوسینە لەبەرهەمەکانی فەرهاد پیرباڵ چەند نمونەیەک بەرچاودەکەویت، لەوانە: (شیعرێکی زۆر درێژ بۆ دایک)کە لەگەڵ ئەوەی دەڵێ شیعرێکی زۆر درێژ


ن

من دێرەشیعرێکی تەنیا و یاخی و عەنتیکەم! بۆیە باوباپیرانم لە هیچ دیوانێکدا دایاننەناوم


هەولێر لە دوورەوە

... قەلات ...


بەڵام لە دوای ناونیشانەوە تەنیا ئەوە دەبینرێت (غەریبیت دەکەم).


هەروەها لە دیوانەکەیدا باسی هەولێر دەکات لە دورەوە کە ئاخ بۆ گەڕەک وشەقام و شوێنە گشتیەکانی هەڵدەکێشێت، کە ئەم شیعرە بۆشاییەکانی زیاتر لە شێوەی خۆزگەیەکی بێدەنگ حەشاردراو لە ناخی شاعێر دەچێت. لە کۆتاییەکەی تەنیا دەڵێت: (ئاسمان، قەلات، مندالیم، خانەقا، تەیراوە، گەنجیەتیم، هەمین، تۆپانی، ناسک ....)هەروەها لە شیعرێکی تردا لە ژێر ناونیشانی(ن) زیاتر لە شێوەی ناڕازیبون و یاخیبونە لە ڕابردو، کەتیایدا دەڵێت: (من دێرە شیعرێکە تەنیاو یاخی و عەنتیکەم؛ بۆیە باوباپیرانم لە هیچ دیوانێکدا دایاننەناوم)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036


٢-٣-٣ شیعری شێوە نوسینی نائاسایی: ئەم شێوە نوسینە، شاعیر دوای نوسینی دەقێک، ئینجا بە مەبەست یان بێ مەبەست هەندێک لە وشەو دەستەواژەکان ڕەشدەکاتەوە، تەنیا ئەو وشانە دەهێڵێتەوە کە خۆی








مەبەستیەتی، لە ئەنجامدا جۆرە دەقێک دەمێنێتەوە وەکو لاپەڕەیەکی ڕەشنوس دێتە بەرچاو کە هەڵەی زۆری تیاکرابێت. نمونەی ئەمجۆرە نوسینە لە دەقی شاعیرانی فیوچەریزمیش بەرچاودەکەوێت. لای فەرهاد پیربالّیش بونی هەیە کە خۆی ناوی لێناوە: (گۆڕینی شوێنی وشەکان، لە پێناو تەقاندنەوەی تریقانەوەی توانا تێگەیشتوە تینوەکانی تەنیایی) (پیربالّ،١٩٩٤: ١٤). لە نمونەی شیعرەکانی (شیراتۆن لەژێر باراندا)، (ئەی ڕەقیب)، ( خەونی ئیستاتیکی) و چەندان نمونەی تر بەرچاودەکەوێت، بۆ نمونە لە شیعری (شیراتۆن لە ژێرباراندا) کە تیایدا ئەگەر وشە لانەدراوەکان کۆبکەیتەوە، ئەوەی دەمینێتەوە (کوردستان دورە لە ژینی تازە، لە پێکەنین، لە فەننی جوان) ئەو وشانەی کە لادراون بە نیشانەی شێوە گوللە، کە ئەمەش گوزارشتە لە گوللەبارانکردنی یەکتری و شەڕی براکوژی و سڕینەوەی یەکتری، ئەنجامی ئەم شەڕەش کە دیارە نیشتمان بێبەش دەبێت لە پێشکەوتن. جگە لەمەش نمونەی زۆر لە دیوانەکەی بەرچاودەکەون، لەوانە شیعرەکانی (خەونی ئیستاتیکی، پەنجەرە، ئەی ڕەقیب، باسی جواب نوسینەوەی کاغەزی خورشید لەلایەن خرمانەوە، گێلە پیاو، شەوانی تاڵی نێو تابوتی تاریکی بیرکردنەوە لەبەدبەختیە نەتەوەییەکانی شەڕی براکوژی، دیاربەکر، یادگاری لم، بێزاری...)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15




٢-٣-٤ شیعری شێوە ئەندازەیی(بیرکاری): لەم شێوە شیعرەدا شاعیر هەوڵ دەدات سود لە کەرەستەی دەرەوەی ئەدەب وەربگرێت وەکو (هاوکێشەو ژمارەکان و شێوە ئەندازییەکان) بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارشت لە



**پەرگاڵ**

دراو

کوردستان + (١٩٩٢) + ١٩ = ٠٧. . – ١٩ – پارچە عەردێک
٧ + باوک و دایک و سێ خوشک و سێ برا + ١٩ دینار = س٢ – ٣٠٠

داواکراو

شیعر= ١٣٠و٠
خۆشەویستی و برایەتی + برادەرایەتی + خزمایەتی = ( ص /$ )
٢٠٠٠ دینار = پۆلیس هێنانەسەر ماڵی زاوا و هەڕەشەکردن لە برای خۆ بەکوشتن
( ١ – م) + ئوتومبیلێکی بەرازیلی + = ٩٩٠٠٠.٥٠٠ دینار
١٣٠ و٠ نم [ ص ت ٢ ] ١٠٠٥ نم میراتی باوک و ( دوکانێک)
دەشزانین کە س٢ – ٣٠٠ + [ ص ÷ ٢ ] = ٣٠٠ دۆلار
هەروەها
هونەر و داهێنان و جوانی نم قەڵای هەولێر ( تم ١ ت ٤٦ ).کەواتە

س٢ – ٣٠٠ + ( ١ – ٤٦ ) / ٩٠٠و٤ + کوردستان
هەمووی یەکسانە بە ( ٢٥ ) دۆلار.

تێبینی:
١٣٠و٠ دینار دەمێنێتەوە.

١٩٩٢/١١/١٠

مەبەستەکانی خۆی بکات، ئەم تەکنیکە لای شاعیرانی فوتۆریزمیش هەبوە، چونکە (زمانی ئەدەبی فوتوریستەکان بریتیبو لە تێکەڵاویەک لە زمان و نیشانەی ماتماتیکی و موزیکی و نیشانەی جیاجیای تر، گوایە بەم شێوەیە دەشێ گوزارشت لە خێرایی ژیانی مۆدێرن بکرێت)(عومەر،٢٠١٢: ٢٠٠).

لەم دەقەدا شاعیر تێکەڵ بە شێوە ئەندازییەکان گوزارشت لە دۆخە سیاسی و هەڵبژاردن و یاساشکێنی و گرانی قۆناغی دوای ڕاپەڕین دەکات.

٢-٤ کۆلاژ (**Collage**): تەکنیکێکی هونەریە، لە فەڕەنسیەوە واتە کۆکردنەوەی فۆرمی جیاواز و دروستکردنی کارێکی نوێی هونەری، ئەم تەکنیکە کار لەسەر لێکدانی چەندین پارچەو شێوەی جیاواز دەکات. (کۆلاژی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

هونەری لە پارچەی ڕۆژنامە، پۆستەر، قوماش، تێل، قردێلە، هەر پارچەیەکی دیکە کە لە کارکەوتبێ بە



دەستکاری کردنێکی هونەری دێنە لێکدان)(عەبدولرەحمان،٢٠١٢: ٥٢)، یاخود لە کۆنەوە لە زمانی فەڕەنسی کۆلاژ لەزاراوەی (گلو-**Glu**) کە بەمانای چەسپ دێت و باس لە بوارێکی فراونی تەکنیکی هونەر دەکات، کە پشت دەبەستێت بەدوبارە ڕێکخستنەوەی وێنەی دروستکراو و ئامرازگەلێکی دۆزراوە و دەیانکات بە بەرهەمێکی نوێ. سەرەتای ئەم تەکنیکە لەساڵی ١٩١٢ لەلایەن پابلۆ پیکاسۆ و جۆرجی برایەوە پیادەکراوە(لیفت:٢٠١٨). ئەم پارچە لێکدانە وا دەکات شتێکی چاوەڕوان نەکراو دروست بێت، کە ڕەنگە ببێتە شاکارێکی هونەری و جوان. ئەم تەکنیکە لە وێنە و کارە دەستیەکانی پیربالدا بەرچاودەکەوێت، کە بەشێوەیەک زۆر کەلوپەلی جیاواز یاخود شێوە نوسین و وێنەی لەڕوی دیوار نەخشاندوە، نمونەیەکی دیاری ئەم تەکنیکە، چەندین کەلوپەلی لەکارکەوتوی لێکداوە پەیکەرە وێنەیەکی دروستکردوە. نمونەی ئەم جۆرە تەکنیکەش لەشیعرەکانی:

بۆ کچەکانی قسمی داخلی

کارەبا . . . صفر
یەک دەرگا
یەک پەنجەرە
یەک مجەفیفە
یەک کانتۆری جلوبەرگ
یەک ڕادیۆ (ئەویش شکاو)
یەک موبەریدە
یەک موسەجیلە
دوو سیسەم


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

سێ خەم و خەفەت
چوار دیوار
لە ناو چوار دیوار
پێنج شەممەیە و
هەزاران ڕاز و نیاز.

لێرەدا هەرچی کەلوپەلی وەکو (دەرگا، پەنجەرە، مجەفیفە، کانتۆر، سیسەم، دیوار.....) کردۆتە کەرەستەی نوسین و لە دەقێکدا لێکیداون بۆ ئەوەی مەبەستە تایبەتیەکەی دەرببڕێت.

٢-٥ تێکشکاندنی زمانی: ئەوەی لە شیعری باودا هەیە، کە بەدرێژایی مێژوی ئەدەبیات شاعیران لەسەری کۆکبن ئەوەی کە شیعر چەند بنەمایەکی جێگری هەیە، ئەویش (زمان و وێنە و مۆسیقایە) کە هاوئاهەنگبونی ئەم بنەمایانە وا دەکات شیعر ئاسانتر بچێتە گوێی گوێگر و چێژێک دروست بکات. (شیعر هونەری زمانە، بەگشتی پەیوەستە بەکێشەوە، مەبەستی گوزارشتکردنە لە شتێک، یان ئاوێزانبونی وشەکانە تیایدا ڕیتم و هاوئاهەنگی وێنەو، گرنگیان وەک گرنگی ناوەڕکێکی ماقوڵە)(حسێن،٢٠٠٨: ٧٣)، واتە ڕیتم و شێوازی دەربڕین کۆڵەگەیەکی گرنگی بنیاتی شیعر، شاعیر ناتوانی نادیدەی بگرێت و فەرامۆشی بکات. (هەمو وشەیەک دو جەمسەری هەیە: جەمسەری دەنگ و جەمسەری واتا، قسەکەر بەپێی مەبەستی خۆی لە وتەیەکدا گرنگی بەجەمسەرێکیان زیاتر دەدات)(حسێن،٢٠٠٨: ٩١)، واتە بەگوێرەی ئەو مەبەستەی کە شاعیر مەبەستیەتی یەکێک لە لایەنەکان زیاتر دەخاتە ژێر مەبەستی دەقەکەی.(هونەرەکان بە گشتی تابۆ شکێنن، لەناویشیاندا شیعر حەرامە ترسناکەکەیە!بە هۆی لادانی زمانییەوە دەبێتە تابۆ شکێنی ئەدەبی، کە لەناو ئەدەبیاتدا بە (لادانی زمانی، خزانی زمانی، ناباوکاری) ناوی هاتوە (کەسنەزانی،٢٠١٩: ١٥٩)، بۆیە زمانی شیعری دو ئەرکی سەرەکی دەبێت: سیمۆلۆژی و ئیستاتیکی، یەکەمیان بەوەی کە یەکە زمانییەکان و واتای فەرهەنگیی خۆیان ناگەینن، بەڵکو ئاماژە بە واتای تر دەکەن، دوەمیشیان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا لەهەمو ئاستەکاندا "مۆسیقا، وێنەی شیعری، ڕەوانبێژی...بەرهەمی دێنێت)(حسێن،٢٠٠٨: ٩٦)، نمونەی ئەم جۆرە تەکنیکە لە شیعری (تاسە) بونی هەیە:


پ پ
ر ر
چ چ
ت م

چ چ
ا ا
و و
ت م


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

پ پ
ە ە
ن ن
ج ج
ە ە
ت م

هیندەی ئەهریمەنی مردن حەزبکا تاسەو غەریبی یەکتردەکەن



١٩٩١ - ١٩٧٤

من
هەرچی شار و
گوند و
هەرچی باخچە و گەڕەک و
ڕەزو کوڵان و
هەرچی منداڵ و ڕووبار و شەقام و
میردمنداڵ و ئەستێرەیەکی پەنجەرەیەکی
کوڕ و کچ و قەیرەکچ و ژنێکی شۆخی... خۆشم ویستن:
ئاخ
گەردەلوولێکی
ئەرژەنگی خوێنین
هەڵی لووشین.

هێندەی ئەهریمەن حەز بکا تاسەو غەریبی یەکتردەکەن) شێوەیەکی جیاوازی لە داڕشتن پەیڕەوکردوە.

لە شیعرێکی دیکەدا کە بە ناونیشانی (١٩٩١-١٩٧٤) کە گوزارشتە لە هەردو ڕوداوی گەورەی نسکۆ و کۆچڕەوی کە بەسەر گەلی کورد داهات، شاعیر هەرچی خۆشەویستانی دەوروبەری و هەرچی جێگای جوانی هەیە، هەموی بەر نەفرەتی لە ناوچون هاتن و وەکو گەڵای پایز هەڵوەرین و گەردەلولی ستەمی داگیرکەر هەڵی لوشین. لەم دەقە شیعریە، شاعیر بە شێوەیەکی تازە گوزارشتی بە وشە و دەربڕینەکان کردوەو شێوەیەکی پەرتوبڵاو دەریبڕیون، بەمەش تێکشکانێک و هەڵکەوتەیەکی تازەی بە وشەکانی زمانی دەقەکە کردوە.

٦-٢ کەلوپەلی ئامادەکراو(البضائع جاهزة(**Ready made**):زۆربەی جار ئەو کارو کردەوانەی کە دادییزمەکان ئەنجامی دەدەن زۆرجار بەلای خەڵکە گشتیەکە ئاسایی نییە، چونکە ئەوان هەندێک شت ئەنجام دەدەن کە پێشبینی نەکراوە. لەم جۆرە تەکنیکە (سود لە کورسی، پاشماوەی خواردن، تایەی پاسکیل، میزەڵدان، پێڵاو،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

دەرگا...) کە ئەمانە بەکەلوپەلی ئامادەکراو ناسراون، کە ئەم تەکنیکە بۆ یەکەم جار



لەسەر دەستی (فرانسیس پیکاپایێ، مارسیل دوشامب،مان ڕێی) سەریهەڵداوە(عەبدولڕەحمان،٢٠١٢: ٥٤)، شاعیر سود لەم کەلوپەلانە وەردەگرێت بۆ گەیاندنی مەبەستێک کە لە ئەنجامی ناڕازیبون و یاخیبون و پەرچە کردارێکە. نمونەی ئەمجۆر تەکنیکەش لە شیعری (بۆ دەوڵەمەندێک) بەڕونی دەردەکەوێت، هەرچەندە ئەم دەقە زۆر نزیکە تەکنیکی کۆلاژ دا، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە سەرەڕای بونی چەندین ناز و نیعمەت، بەڵام بە هۆی سەرقاڵی و خەم و خەفەتەوە دورە لە شادی و ئارامی:

بۆ دەوڵەومەندێک

سێ تاخم قەنەفە

دوو سەلاجە

پێنچ تەلەفزیۆن

هەژدە پەنجەرە

دوازدە کتێب

سێ کۆمپیوتەر

سێ پلەیستەیشن(کە یەکێکیان شکاوە)

دوو مۆلیدە

حەوت پاسپۆرت

پێنچ جنسیەی عێراقی(یەکێکیان تەزویرە)

.

.

سێ سەتەلایت

هەژدە مەمکدان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

نۆ ئەتەگ

پەنجا كراس

..

دوو شەكردان سێ قۆریە دوو كتلی ..

لەگەڵ ملیۆنێک سەریەشەو مەژغەڵەت و خەم و خەفەت ؛

بە بێ هیچ شادی و ئارامی و

تەنانەت تۆزقاڵێكیش چیە

ئاسودەیی.



٢-٧ ڕەفتاری سەمەرەو دور لەنەریتی باو: دادا هەر شتێک لە نێو كۆمەڵگا باو و نەریت بێت، پێچەوانەكەی دەبێتە حالەتێكی ئاسایی و باو، بەجۆرێک بێگوێدانە كاردانەوە و بیرو بۆچونەكان، لەبارەی ئەو هەڵسوكەوتانەشەوە دەگوترێ: (هەندێ شاعیر كە بە دژەباوی حسێب كراون، دژەباونین، بەڵكو لە ئەنجامی دواكەوتویی كۆمەڵگەی ئێمە ڕەت كراونەتەوە)(ڕواندزی،٢٠٢١: ١٠)، ئەگینا لای خۆیان ئەم ڕەفتارو كردەوانە حاڵەتی ئەوپەڕی ئاسایین. نمونەی هەندێک هەڵوێستی شاعیر هەن كە جگە لە دەقەكانی خۆی بە نواندن بەرچاودەكەون، وەكو ئەو هەڵوێستەی كە بە تەنیا جلێكی ژێرەوە لە سەرسنور نارەزایی دژی لەشكركێشی سوپای توركیا دەربڕی بۆ ناو خاكی هەرێمی كوردستان، كە بۆ ئەوكات ئەم هەڵوێست نواندنە شتێكی نامۆ بو بۆ كۆمەڵگەی كوردی، هەروەها لە هەڵوێستێكی هاوشێوە بۆ نارەزایی دژی ناسەروەری دادگا و پێشێلكردن بەرامبەر دادگای هەولێر هەڵوێستی نواند،، كە ئەم شێوازی دەربڕینانە جۆرە یاخیبونێک بو كە شاعیر بە شێوازێكی تایبەت بەخۆی گوزارشتی لێكردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

**لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە ئەمانەن:**

١-فەرهاد پیربباڵ نەوەک تەنیا لەبەرهەمە شیعریەکانیدا، بەڵکو لە دەرەوەی دەقەکانیشی بەهەڵسوکەوت و وێنە هونەرییەکانی و کارە دەستییەکانی دادابونی خۆی سەلماندوە.

٢- شاعیر هەوڵی داوە بابەتی غەریبی و دورەوڵاتی و نادادی و ناڕێکی لە حوکمڕانی و خراپی خزمەتگوزاری و ستەمی داگیرکەر لە ڕیگەی شیعریەکانییەوە بەخوێنەرانی بگەینێت.

٣-پیربباڵ وەکو کەسێکی یاخی و ناڕازی، جگە لە دەقی شیعری، زۆرێک لە ڕەخنەکانی دادابیانە بەوێنە و شیعری وێنەی دەربڕیوە.

٤-ئەم تەکنیکانەی کە لە دەقەکانی فەرهاد پیربباڵدا دەبینرێن، نیشانەی ئەوەیە کە شاعیر تا سەر ئێسقان ئاوێتەی ئەم ڕێبازە بوە و لە بەرهەمەکانی ڕەنگیداوەتەوە.

٥- لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، فەرهاد پیربباڵ یەکێکە لە کۆڵگەکانی ئەم ڕێبازە لەئەدەبیاتی کوردیدا.

٦-زۆرێک لە دەقەکانی شاعیر هاوشێوەی بەرهەمی شاعیرە جیهانییەکانە، بەتایبەت لە شیعری وێنەیی و شیعری شێوەی نائاسایی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

# Effects of Dadaism in the Poems of Farhad Pirbal

**Kosrat Ali Abdullah[1] - Farhang Muzafar Muhamad[2]**

[1+2] Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahuddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study is about ( Effects of Dadaism in the poems of Farhad Pirbal ). It is divided into two sections, The first category is devoted to theory, and it is divided into five subcategories: first, what is Dadaism, second, how it began, and third, publishing of Dadaisms. We'll speak about how and why it ended in the fourth subcategory. We shall briefly address Farhad Pirbal's revolt against the norms and Anti-Common in the fifth and final subcategory. The second aspect, which is a practical approach, is to classify certain of Farhad Pirbal's poetry as Dadaistic poems. And the outcomes are displayed. Reliable sources are used, and the study abstract is translated into Arabic and English at the conclusion.

**Keywords:**Religion, Dadaism, Farhad Pirbal, Literature.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15**

## سەرچاوەکان:

پرهام،س،(٢٠٠٤)، ریالیزم و دژە ریالیزم،وەرگێرانی حەمە کەریم عارف، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.
پیربال، ف، (١٩٩٤)، گۆڤاری وێران، ژمارە(١)، خولی یەکەم، هەولێر.
پیربال، ف، (١٩٩٥)، گۆڤاری وێران، ژمارە(٢)، خولی یەکەم، هەولێر.
پیربال، ف، (١٩٩٧)، گۆڤاری وێران، ژمارە(٥)، خولی یەکەم، هەولێر.
پیربال،ف،(٢٠٠٤)ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
پیربال،ف،(٢٠٠٥)، گۆڤاری نما،ژ(٧،٨)
پیربال،ف،(٢٠٠٧)،پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣٣٣، هەولێر،چاپخانەی پاک.
حسێن،پ.ە،(٢٠١٤)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سێیەم، هەولێر، دەزگای ڕۆژهەڵات.
حسێن،ج،ا،(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق،سلێمانی، چاپخانەی سەردەم
حسێنی، ڕ،س،(٢٠٠٦)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.
ڕواندزی، س،س، (٢٠٢١)، دیدی دژەباو لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی
ڕەشید،د.ف، (٢٠٠١)، دەقی ئاوێتە ناوناسنامە، گۆڤاری ڕامان
شەمسیا، س، (٢٠١٨)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، و.هیمداد حسێن، سەنگەر ناز، هەولێر، چاپخانەی ئاوێر.
عومەر، م، ا، (٢٠٠٤)، ئەدەب و هونەرەکانی دیکە، گۆڤاری شین، ژمارە(١)، ئاراس، هەولێر.
عومەر، م، ا، (٢٠٠٤)، ئەدەب و هونەرەکانی دیکە، گۆڤاری شین، ژمارە(١)، ئاراس، هەولێر.
عومەر،م، ا، (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، دەزگای ڕەخنەی چاودێر،سلێمانی
عەبدول،خ،(٢٠١٢)، دژەباوەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چەمچەماڵ
عەبدوڵا، ا، م،(٢٠١٣)، سوریالیزم لە شیعری کوردی، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
عەبدولرەحمان، ا، ح،(٢٠١٢)، دادیزم دهوزانا نوێخوازا کوردیدا، زانکۆی دهۆک، ماستەر.
عەلی، ب، (٢٠٠٩)، گۆڤاری وێران، ژمارە(١)، خولی سێیەم، دەزگای مێرگ، هەولێر.
قادر، ع، م، (٢٠١٠)، ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
کەسنەزانی، ب، (٢٠١٩)، شیعری کلاسیکی کوردی و تابۆشکێنی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
گۆڤاری شین،(٢٠٠٤)، ژمارە (١)، ئاراس، هەولێر.
لیفت،ش، (٢٠١٨)، مێژوی هونەری کۆلاژ،سایتی دیدی من، وەرگێرانی ساڤان ئاکۆ.
میره، ا،م،ر(٢٠١٩)، دیاردەی یاخیبون لای شێرکۆ بێکەس و محمد ماغوت،زانکۆی سلێمانی،کۆلیزی زمان،دکتۆرا
مەنتک، حەمە. سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم. هەولێر: ئاراس, ٢٠١١.
مەنتک، د.ح، (٢٠١٩)، چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، هەولێر، چاپخانەی مەم و زین.
https://abdullazuhair.com/web/2015/10/10



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

## پەراوێزەكان:

---

[i] تریستیان تزارا، ڕابەر و دامەزرێنەری ڕێبازی دادییزم، ناوی تەواوی (سامویێل روزنستۆک)ە، کە لە بەرواری(١٨٩٦/٤/١٦)ز، لە وڵاتی ڕۆمانیا لە خێزانێکی دەوڵەومەند لە دایکبوە، لە ڕێکەوتی(١٩٦٣/١٢/٢٤) لە تەمەنی (٦٧) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. لە گۆڕستانی (مونبارناس) لە پایەتەختی فەڕەنسا(پاریس) نێژراوە. لە تەمەنی گەنجیدا عاشقی کچە سەماکار(مایا کروسیک) بوە، دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ شاعیری سویدی (گرێتا نوتسۆن)دا کردوە. نوسەر و شاعیر و ڕۆمانوس و ڕەخنەگرو ئاوازدانەر و دەرهێنەری سینەمایی بوە. سەرپەرشتی دەرچونی گۆڤاری (سیمبولول-**Simbolul**)ی کردوە. لەسەرەتای چونی بۆ سویسرا، بەژداریکردنی لە چەندین چالاکی ئەدەبی جۆراوجۆر و چەندین گۆڤاردا و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ستەمکاریەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دۆزی(٥٦) ی هەنگاریاو کردەوەکانی فەڕەنسا بەرامبەر گەلی جەزائیر ئەمانە بونە هۆکار و پەلکێشکردنی بەرەو دنیای ئەدەبیات. دوای هەڵوەشانەوەی ڕێبازی دادییزم، گەڕایەوە نێو ڕێبازی سوریالیزم.لە دیارترین بەرهەمەکانی (یەکەم سەرکێشی ئاسمانی داریان ئەنتیپرین، بەیاننامەی دادا، دژە مێشک، نزیک مرۆڤ)(زهیر،٥،٢٠٠٥).

[ii] دادییزم وەکو هەر بزوتنەوەو ڕێبازێکی تری ئەدەبی خاوەن بڵاوکراوە و کۆڕو کۆبونەوەی گشتی تایبەت بەخۆی بوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەرچی کارو چالاکی دادییەکان هەیە بە دەوروبەری بگەیەن، نمونە (تریستیان تزارا چەند گۆڤارێکی دامەزراند بەناوی (مەیخانەی ڤۆڵتێر) و (دادا) و (بنیادەمخۆر) هەروەها تزارا یەکەمین بەرهەمی (دادایی) بڵاوکردەوە پاشان لە ساڵی (١٩١٩) بە دواوە مەڵبەندی چالاکی ڕێبازی دادا بۆ پاریس گواسترایەوە، بەمەش جەماوەر و پاڵپشتی ئەم ڕێبازە ڕو لە هەڵکشان بو، بۆیە (لەم بەینەدا ئەو کوبیستانەی کە درێژەیان بە ڕێبازی (ئاپۆلینر) دەدا خۆیان لەم گروپە نزیککردەوە و شاعیرانی وەکو (ئاندریە بریتون) و (ئاراگۆن) و (ئیلوار) و (فلیپ سوپو) و هەندێکی تر پەیوەندیان بەم یاخیبونە جیهانییەوە کرد. بۆیە دواتر یەکەم تۆڕی گوتاربێژی ئەم گروپە لە (١٩٢٠/٢/٥) گێڕدرا. لەم کۆڕەدا بەیاننامەی قوتابخانەی دادا کە لەلایەن(فڕانسیس پیکابیا)وە نوسرابو، خوێنرایەوە، کەئەمەش کورتەیەک لە دەقەکەیەتی:(تێناگەن کە ئێمە چ دەکەین؟ دۆستانی ئازیز! ئێمە خۆمان لە ئێوە کەمتر لەم بابەتە تێدەگەین. چەند خۆشە! هەقتانە، حەزم کرد جارێکی دیکە لە هەمێزی پاپدا بخەوم. هەمدیس تێناگەن؟ منیش تێناگەم. چەند مایەی گریانە! خەڵکەکە کە گوێیان لەم بەیاننامە سەیرە بو لە قاقای پێکەنینان داو بەگاڵتەیان زانی. هەروەها ئەم چالاکیانە درێژەی هەبو، بۆیە دوەم کۆڕ لە (١٩٢٠/٣/٢٠) بەگەرم و گوڕیەکی زیاترەوە سازدرا. کە کاردانەوەی ئامادەبوان زۆر توندبو کار گەیشتە جنێودان، بەڵام لە کۆڕەکانیتر ئارامتر بون(حسێنی،٢٠٠٦ :٢١٠)، هەروەها لە بڵاوکراوەیەکی دیکەی دادییزمەکان لە وڵاتی ئەمریکا لەچالاکیەکی دیکەدا بڵاوکراوەیەکی دیکە دەرچو بەناونیشانی (ژمارە(٣٩١) ناونیشانی یەکێک لە گۆڤارە دادییەکان بو بەسەرپەرشتی (پیکابیا) دەریانکرد. ئەم ڕێبازە جگە لە بواری ئەدەب، لە بواری پەیکەرتاشی و نیگارکێشیدا بەشێوەیەکی زۆر فراوان تەشەنەی کرد(پیربال،٢٠٠٤: ٣١٦).



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper15**